بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقايعی كوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حكومەتی هەرێمی كوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە(٥٣) ساڵی پێنجەم ١٩/١٢/٢٠٠٤ زاینی(٢٩)ی سەرماوەز ٢٧٠٤ كوردی (٨)ی ذي القعدة ١٤٢٥ی كۆچی

53

## لەم ژمارەیەدا :


- **یاسای ژمارە ( ٤٤ ) ی ساڵی ٢٠٠٤** — ل١
  دووەم هەمواركردنی یاسای ژمارە ( ٨ )ی هەمواركراوی ساڵی ( ١٩٩٩ ) ی سەندیكای دەرمانسازان
- **یاسای ژمارە ( ٤٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٤** — ل٣
  یاسای سەندیكای پزیشكانی ددان لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا
- **یاسای ژمارە ( ٤٦ ) ی ساڵی ٢٠٠٤** — ل١٦
  یاسای هەیئەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی ـ عێراق
- **یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤** — ل١٩
  سێیەم هەمواركردنی یاسای ژمارە ( ١ )ی هەمواركراوی ساڵی ( ١٩٩٢ )ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق
- **یاسای ژمارە ( ٤٨ )ی ساڵی ٢٠٠٤** — ل٢٣
  شەشەم هەمواركردنی یاسای ژمارە ( ٣ )ی هەمواركراوی ساڵی ( ١٩٩٢ )ی ئەنجمەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق
- **بڕیاری ژمارە ( ٥٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمان** — ل٢٤
  قبوڵكردنی هەردوو پاڵێوراو ( عبداللطیف مولود عبدالكریم ) و( صلاح محمود عبدالله علاف ) بە ئەندامی ئەنجومەن.
- **بەیاننامەی ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمان** — ل٢٥
  راستكردنەوەی هەڵەی چاپ لە یاسای ژمارە ( ٤٠ )ی ساڵی ٢٠٠٤
- **بەیاننامەی ژمارە ( ٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٤ ی وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری** — ل٢٦
  كردنەوەی ( بەشی ئامارو هێزە كارگێڕەكان ) لە ( بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان و بەدواداچوون )ی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكان


www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان : هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد

☎ دالە ( ٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان


الجريـــدة الرســـمية لحكـــومة أقليم كوردســـتان العـــراق – تصـــدرها وزارة العـــدل

العـــدد (٥٣)　السـنـة الخامسة　٢٠٠٤/١٢/١٩م　(٢٩) سەرماوەز ٢٧٠٤ ك　(٨) ذي القعدة ١٤٢٥ هـ


## في هـذا العـدد


- قانون رقم (٤٤) لسنة ٢٠٠٤　ص٢٧
  **التعديل الثاني لقانون نقابة الصيادلة رقم (٨) لسنة ١٩٩٩**
- قانون رقم (٤٥) لسنة ٢٠٠٤　ص٣٠
  **قانون نقابة أطباء الاسنان في اقليم كوردستان العراق**
- قانون رقم (٤٦) لسنة ٢٠٠٤　ص٤٠٩
  **قانون الهيئة العامة لأمن (آسايش) اقليم كوردستان ـ العراق**
- قانون رقم (٤٧) لسنة ٢٠٠٤　ص٤٣
  **قانون التعديل الثالث لقانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستاني العراق المرقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل**
- قانون رقم (٤٨) لسنة ٢٠٠٤　ص٤٦
  **التعديل السادس لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ المعدل**
- قرار برلمان كوردستان رقم (٥٧) لسنة ٢٠٠٤　ص٤٧
  **قبول عضوية المرشحين (عبداللطيف مولود عبدالكريم) و (صلاح محمود عبدالله علاف) في المجلس**
- بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٠٤ لبرلمان كوردستان　ص٤٨
  **تصحيح خطأ مطبعي في قانون رقم (٤٠) لسنة ٢٠٠٤**
- بيان رقم (٧) لسنة ٢٠٠٤ لوزارة الزراعة والري　ص٣٦
  **فتح قسم (الاحصاء والقوى العاملة) في (مديرية التخطيط والمتابعة) للمديريات العامة**



www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

البدالـة (٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣)

**بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان**
**بەناوی گەلەوە**
**ژمارەی دەرهێنان: ٤٤**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/١١/٤**

پــشت بــە حوكمــەكانی برگــە(١)ی مــاددەی (٥٦)و، مــاددەی (٥٣)لــە یاســای ژمــارە(١)ی هــەمواركراوی ســاڵی ١٩٩٢و، لەســەر داوای وەزیــری تەندروســتی وكاروبــاری كۆمەڵایــەتی و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عــیراق، لــە دانیــشتنی ژمــارە(٥١)ی رۆژی(٢٠٠٤/١١/٣)یــدا ئــەنجامی داوەو، بــەپێی ئــەو سەڵاحییاتەش كە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (٤٤)ی ساڵی ٢٠٠٤
## یاسای دووەم هەمواركردنی یاسای ژماه (٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی
## ســەندیكای دەرمانســـازان

**ماددەی یەكەم:**
پێناسەی (دەرمانسان)كە لە ماددەی یەكەمی یاساكەدا هاتووە هــەمواردەكرێ و بــەم شــێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دەرمانــساز: هــەر ئەنــدامێ لــە ئەنــدامانی ســەندیكاكەیە، بڕوانامــەی بەكالۆریۆســی لــە دەرمانسازیدا یان هاوتای ئەو بڕوانامەیەی لە یەكێ لە زانكۆكـانی عێراق یـان لـە هـەر زانكۆیـێ، لایەنی پسپۆڕی هاوتاكردنی بڕوانامەكان ددانی پێدا نابێ، وەرگرتبێ).

**ماددەی دووەم:**
بڕگــەی (چــوارەم)لــە مــاددەی ســێیەمی یاســاكە هــەمواردەكرێ و بــەم شــێوەیەی خــوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(چوارەم: هاریكاری لەگەڵ دەستەو دامەزراوو كۆمەڵەو سـەندیكاكانی دی، لـەناو هـەرێم و لـە دەرەوەی هەرێمیــشدا كــە ئامانجــەكانیان بــەپێی یاســاگەلی بــەركار، لەگــەڵ ئامانجــەكانی سەندیكاكەدا یەك دەگرنەوە).

**ماددەی سێیەم:**
بڕگــەی (ســێیەم) لــە مــاددەی چــوارەمی یاســاكە هــەمواردەكرێ و بــەم شــێوەیەی خــوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(سێیەم: بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە دەرمانسازیدا وەرگرتبێ).

**ماددەی چوارەم:**
ئــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان
بڕگــەی (٥) ی مــاددەی هەشــتەمی یاســاكە هــەمواردەكرێ و بــەم شــێوەیەی خــوارەوە دەخوێندرێتەوە:
www.mojkurdistan.com

(٥–ئەو دەرمانسازەی لەسەر میلاکی زانکۆ دامەزراوە، پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر خزمەتکردنی لە زانکۆکەدا، دەشێ دەرمانخانەیێ یان کۆگای دەرمان بۆخۆی بکاتەوە، مافی ئەوەشی هەیە، لەو ماوەیەدا تەنها بەرپرسێتیی دەرمانخانە یان کۆگای دەرمان وەربگرێ).

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی نۆیەم لە یاساکە ئیلغادەکرێ و، ئەمەی خوارەوە دێتەجێی:

**(ماددەی نۆیەم:**

یەکەم: دەرمانسازێ، ماوەی پلە بەپلەی پزیشکیی تەواوکردبێ، مافی خۆیەتی، پاش دەوامی رەسمی، دەرمانخانەیەکی ئەهلی یان کۆگای دەرمان بکاتەوە.

دووەم: دەرمانسازێ ماوەی مەشقی تەواو کردبێ، مافی خۆیەتی دەرمانخانەیەکی ئەهلی یان کۆگایەکی دەرمان لەو قەزاو ناحیانەدا کە ئیشی تێدا دەکا، بکاتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی یازدە لە یاساکە ئیلغادەکرێ و، ئەمەی خوارەوە دێتەجێی:

**(ماددەی یازدە:**

دەرمانساز، ئەم شەرتوشروتانەی هەبێ، ئیجازەی کردنەوەی دەرمانخانەی پێ دەدرێ:

١–ناوی(عنوانی)دەرمانخانەکەی.

٢–گرێبەستیی کرێگرتەیی، لەلایەن دایەرەی باجی عیقارەوە تەئییدکرابێ.

٣–ناوە بازرگانیەکەی، لەلایەن ژووری بازرگانیەوە تەئییدکرابێ.

٤–بە مەرجێ رووبەرەکەی لە (٢٠)مەتری چوارگۆشە کەمتر نەبێ و، رووکارەکەشی لە (٥ر٢)دوومەترو نیو کەمتر نەبێ.

٥–دەبێ لە هەموو لایەکیەوە، نزیکترین دەرمانخانە لە سی مەتر کەمتر لێیەوە دوور نەبێ.

٦–ئەگەر دەرمانسازەکە فرمانبەربوو، دەبێ دایەرەکەی موافەقەت بکات.

٧–کاتی رووخان، یان سووتان، دەشێ دەرمانخانەکە، بە هەمان ئیجازەکەی خۆیەوە بگوازێتەوە بۆ جێگایەکی دی لە هەمان ناوچەداو بە هەمان شەرتوشروت، تەنها مەرجی دووریی لێ دەرچێ، تا دەگەڕێتەوە بۆ جێگا ئەسڵیەکەی خۆی یان بەپێی شەرت وشروت دەرمانخانەیەکی دی دەکاتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

برگەی، أ–٢ لە ماددەی بیستی یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢–پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ هەموارکردنی یاسای سەندیکاکە).

**ماددەی هەشتەم:**

ماددەی بیست ودوو لە یاساکە ئیلغادەکرێ و، ئەمەی خوارەوە دێتەجێی:

**(ماددەی بیست ودوو:**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

١–لیژنەی زەپتی لە سەرۆکێك و دوو ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ پێك دێت، بە مەرجێ خزمەتی هەر یەکەیان لە پیشەکەی خۆیدا، لە (٧)حەوت ساڵ کەمتر نەبێ.

www.mojkurdistan.com

٢–ئەم لیژنەیە تایبەتە بە سەیرکردنی هەموو ئەو سەرپێچییانەی، دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتووەو، لەو دەعواو شکاتانەش دەپێچێتەوە کە ئەنجومەن بۆی هەواڵە دەکا.

٣–لیژنەی زەپتی هەمان ئەو ڕێسایانە دەگرێتەبەر کە لە یاسای زەپتی فرمانبەرانی دەوڵەتدا هاتووەو، دوای ئاڕاستەکردنی ورياکردنەوە(التنبیه)ش بۆی هەیە سەلاحییەی سەپاندنی ئەم سزایانەی خوارەوەش بخاتەکار:

أ–ئیلفات نەزەر.

ب–ئینزار.

ج–داخستنی دەرمانخانەکە یان کۆگاکە بۆ ماوەیەك لە (٣)سێ ڕۆژ کەمتر نەبێ و لە (٧)حەوت ڕۆژیش نەترازێ. ئەگەر هاتیش و سەرپێچییەکەی دووبارەکردەوە، ئەوە، لەو بارەدا، دەرمانخانەکە یان کۆگاکە بۆ ماوەی(١٥)پازدە ڕۆژ دادەخرێ و بەشی مانگێکیشی لە داودەرمانی دەرمانخانەکەی لێ دەبەسترێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ماددەی بیست وهەشتی یاساکە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دەشێ، دەرمانساز، دوای وەرگرتنی ئیجازە لە وەزارەت و موافەقەتی سەندیکا، تاقیگەیەکی شیکارکردنی نەخۆشییەکان بکاتەوە، لەجیاتی دەرمانخانە یان کۆگا).

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی یازدە:**

حوکمەکانی بڕگە(٥)ی ماددەی شەشەم، ئەو دەرمانخانانە ناگرێتەوە کە پێشتر تا ڕۆژی بەرکارخستنی ئەم یاسایە، وجودیان هەبووە.

**ماددەی دوازدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەبێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سیازدە:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی چواردە:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو، لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی ـ عێراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٤٥**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/١١/٤**

پشت بە حوکمەکانی برگە(١)ی ماددەی (٥٦)و، ماددەی (٥٣)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی–عیراق و، داوای وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی و موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران و، لەسەر ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، لە دانیشتنی ژمارە(٥١)ی رۆژی(٢٠٠٤/١١/٣)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحییاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠) ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٤٥ )ی ساڵی ٢٠٠٤
## یاسای سەندیکای پزیشکانی ددان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

١–هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق.

٢–سەندیکا: سەندیکای پزیشکانی ددان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

٣–ئەنجومەن: ئەنجومەنی سەندیکا.

٤–نەقیب: نەقیبی پزیشکانی ددان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

٥–پزیشکی ددان: هەر ئەندامێ لە ئەندامانی سەندیکاکە، بڕوانامەیەکی هەبێ، لە بەکالۆریۆسی پزیشکی ددان کەمتر نەبێ و، وەزارەتی فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عیراق دانی پێدا نابێ، بە ئیش وکارێکی بڕیار لەسەر دراوی تایبەت بە پزیشکییەوە خەریك بێ، ئەوە پزیشکی ددانە.

## بەشی یەکەم
## ( دامەزراندن و ئامانجەکانی )

**ماددەی دووەم:**

سەندیکا: سەندیکاکە رێکخراوێکی پیشەییەو، شەخسییەتی مەعنەویی سەربەخۆی خۆی هەیەو، بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ و، بۆیشی هەیە لق لە پارێزگاکاندا بکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

سەندیکا بۆ وەدیهانینی ئەم ئامانجانە تێدەکۆشێ:

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١–پاڵپــشتی کردنــی گــەلی کوردســتان و پــشتقایمکردنی حکومــەتی هــەرێم و سیــستەمی دیموکراتی و، پتەوکردن و بەرەوچاکتر گۆڕینی فیدراڵییەت.

٢–داکۆکی لە مافە پیشەییەکانی ئەندامان.

٣–هاوبەشکردنی پزیشکانی ددان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

٤–سەپەرشتی ئیشی پیشەیی ئەنـدامان لـە عیـادە تایبـەت و نەخۆشـخانە میللییەکانـدا، تـا رەفتاری چەوت روونەدات و، حورمەتی پیشەکە لەکەدار نەبێ.

٥–رێکخستنی رێساگەلی پیشەگوزاری و ریقابەی بەرکارخستنیان.

٦–فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ پزیشکانی ددان ، لە دانیشتوانی هەرێم.

٧–رێکخـستنی سەروسـەختی(علاقـات)ئەنـدامان لەگـەڵ دامودەزگاکـانی دەوڵـەت و دایـەرەو دامەزراوە حکومی و غەیرە حکومیەکاندا.

٨–هاوکـاری لەگـەڵ سـەندیکاو کۆمەڵـە پیـشەییەکانی تـری هـەرێم و دەرەوەی هەرێمیـشدا، ئەوانەی ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی سەندیکادا یەك دەگرنەوە.

٩–بـەهێزکردنی پێوەنـدی لەگـەڵ پزیـشکە ددانـسازەکانی کـوردو دۆسـتانی گـەلی کـورد لـە دەرەوەی هەرێم.

١٠– بەرزکردنەوەی سەویەو ئاقاری پیشەیی و زانستی و رۆشنبیریی ئەندامەکانی، بە ئـاواتی بەرزکردنەوەو پاراستنی پیشەکە.

١١–لەسـەر پرۆژەگـەلی یاسـاو پێڕۆگـەلێ پێوەنـدیی بـە پیـشەی پزیـشکی و رێکەوتننامـەی تەندروستییەوە هەبێ، رای خۆی دەدات.

١٢–هەوڵ دەدات ئایندەیەکی بەخێر بۆ حالەتی نەخۆشی و پیری و پەککەوتەیی ئەندامەکانی دەستە بەربکا.

١٣–ریقابەکردنی شەرتوشروتی کردنەوەی عیادە تایبەتەکان و، قەدەغەکردنی ئەوانـەش کـە شەرتوشروتیان تەواو نییە.

## بەشی دووەم
## ( ئینتیماو ئەندامێتی )

**ماددەی چوارەم:**

**مەرجە ئەندام:**

١–هاووڵاتیی کوردستانی عیراق یان دانیشتوی کوردستانی عیراق بێت.

٢–بە جینایەتی ناسیاسی، یان بە جونحەی شەرەفنەنگێن حوکم نەدرابێ.

٣–لـە پزیـشکیی ددانـدا بڕوانامــەی بــەکالۆریۆس یــان بڕوانامــەی هاوتــای بەکالۆریۆســی وەرگرتبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

١–ئینتیماکردن بۆ سەندیکا، لـە رێگـای داوایـەکی نووسـراوەوە دەبـێ، پێـشکەش بکـرێ بـە نەقیب یان بە سەرۆکی لقی پارێزگاکە، بە بەڵگەنامەگەلی پێویستەوە.

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢-ئەم داوای ئینتیمایە، لە ماوەی(٣٠)رۆژدا-کە لە رۆژی تۆمارکردنیەوە لە سەندیکا دەست پێ دەکا-دەخرێتە بەردەمی ئەنجومەن و، ئەنجومەنیش، دەبێ لەو ماوەیەدا یەکلای بکاتەوە، دەنا، ماوەکە تەواو ببێ و، ئەنجومەن یەکلای نەکردبێتەوە، ئەوە، لەو بارەدا بەقبوڵکراو دادەنرێ.

٣-ئەنجومەن بۆی هەیە بە بڕیارێکی هۆدار، داوای ئینتیماکە رەتبکاتەوە، خاوەن داواش، بۆی هەیە، لەو رۆژەوەی تەبلیغ کراوە تا(٣٠)رۆژ، لە بەردەمی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، تانە لەو بڕیارە بدات، ئیدی، بڕیاری ئەم دادگایە بنبڕە.

**ماددەی شەشەم:**

١-پزیشکی ددان لە هەرێمدا، تا ئینتیمای سەندیکا نەکاو بڕوانامەی تۆماربوونی بۆ نەکرێ و ئیجازەی پیشەکەی وەرنەگرێ، ناشێ مومارەسەی پیشەکەی بکا.

٢-هەرکەسێ، بەبێ شەرتوشروتی یاسایی ئەم پیشەیە بکات، خۆی تووشی لێپێچینەوەی یاسایی دەکا.

**ماددەی حەوتەم:**

١-تازەکردنەوەی ئیجازەی پیشەکە، ساڵانە، لە مانگی کانونی دووەمدا دەکرێ. ئەگەر ئەندام لەو ماوەیە، بەبێ پاساوی بەجێ، دوابکەوێ، پیشەکەی لێ قەدەغەدەکرێو، تا دووقات ئابوونەی تازەکردنەوە نەدات، ئیجازەی بۆ ناکرێتەوە.

٢-ئەگەر ئەندام، بەبێ پاساوی بەجێ، دوو ساڵ لەسەریەك، لە تازەکردنەوەی ئیجازەکەی دوابکەوێ، ناوی لە تۆمار کوێردەکرێتەوەو، پیشەکەشی لێ قەدەغەدەکرێ. ئەگەر هاتیش و ویستی دووبارە تۆماربکرێتەوە، ئەوە، لەو بارەدا پێویستە دووقاتی هەردوو ئیجازەی ئینتیماو تازەکردنەوەکەش بدات.

٣-ئەندام، ئەگەر شەرتێ، لەشەرتوشروتی ئینتیما لە دەست بدات، ئەندامێتیەکەشی لە دەست دەداو، بە بڕیارێکی ئەنجومەنیش پیشەکەی لێ قەدەغەدەکرێ. ئەویش بۆی هەیە، لە ماوەی(٣٠)رۆژدا-کە لە رۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەکا-لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم تانە لە بڕیارەکە بگرێ، ئیدی بڕیار، بڕیاری ئەم دادگایەیەو، بنبڕە.

**ماددەی هەشتەم:**

نەقیب ناشێ نەقیبیش بێو، یەکێ لەم پلەوپایانەی خوارەوەشی هەبێ:

١-سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی.

٢-لە وەزارەتەکانی هەرێمدا، وەزیر بێت یان بریکاری وەزارەت بێت.

**ماددەی نۆیەم:**

١-بۆ ئەندامانی سەندیکا نەبێ، کە بەپێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە، دەنا، هیچ کەسێ ناشێ ئەم پیشەیە بکات.

٢-دایەرە فەرمیەکان و نیمچە فەرمیەکان و باقیمەنی دامودەزگاکانی هەرێم پێویستە وێنەیەك لە فەرمانی دامەزراندنی یان کارپێکردنی پزیشك بنێرن بۆ سەندیکا.

**ماددەی دەیەم:**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١-پزیشکی ددان دوای وەرگرتنی ئیجازە، ناشێ لە هەرێمدا زیاتر لە یەك عیادە بکاتەوە.

٢-پزیشکی ددان تا نازناوی پسپۆڕی وەرنەگرێ و لـە سـەندیکا تۆمـاری نـەکا، مـافی ئـەوەی نابێ، ئەو نازناوە لە هیچ لقێ لە لقەکانی پزیشککاریی دداندا هەڵبگرێ.

٣-پزیـشکانی ددان، ئەوانـەی سـەربەدەوڵەتن یـان سـەربەکەرتەکانی دیکـەن، بۆیـان هەیـە، بەپێی بەندوبەستێ کە سـەندیکا بۆیـانی دیاردەکـا، پیـشەی خۆیـان دوای دەوامـی رەسمیـیش، مومارەسەبکەن.

## بەشی سێیەم
## پێکهاتەکان

**ماددەی یازدە:**

**یەکەم:**

سەندیکا لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت:

١-هەیئەی گشتی.

٢-ئەنجومەنی سەندیکا.

٣-لیژنەی زەپتی.

٤-هەیئەتگەلی لقەکان لە پارێزگاکاندا.

**دووەم:**

١-هەیئەی گشتی لە هەموو ئەندامان یان لە هـەموو ئـەو نوێنەرانـە پێـك دێـت کـە ئیلتیزامـی خۆیان بەپێی ئەم یاسایە بەجێ هێناوە. ئەم هەیئەتە باڵاترین دەسەڵاتە لـە سـەندیکاکەداو، بـە بڕیـاری ئەنجومـەن و، لەسـەر بانگهێـشتی نـەقیب، هـەر سـێ سـاڵ جارێـك،-کـە لـە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانـەوە دەسـت پـێ دەکـا-کۆبوونەوەیـەکی ئاسـایی، لـە بارەگاکـەی خۆیـدا، بـۆ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ پڕکردنـەوەی ئەنـدامێتیی ئەنجومەن سـازدەدات. (نـصاب)یـش بـە ئامـادەبوونی دوو سـێیەکی ئەنـدامانی هەیئـە یـان دوو سێیەکی نوێنەران دێتەجێ، جا، ئەگەر نەهاتەجێ، ئەوە، لەو بارەدا، دوای کۆبوونـەوەی یەکـەم بە پازدە ڕۆژ، هەڵبژاردنێکی دی، لە هەمان کات و هەمان جێگەدا دەکرێ، لەم بارەدا(نصاب)بـە ئامادەبوونی سـێیەکی ئەنـدامان یـان سـێیەکی نوێنـەران دێتـەجێ، دەنـا، ئەگـەر لـەم بارەشـدا نەهاتەجێ، ئەوا، ئەنجومەن بۆ خولێکی تریش لە ئیشی خۆیدا بەردەوام دەبێ.

٢-ئەگەر هـات و ژمـارەی ئەنـدامانی هەیئـەی گـشتی، لـە (٥٠٠)ئەنـدام تێپـەڕی، ئـەوە، لـەو بارەدا، هەڵبژاردن لە ڕێگای نوێنەرەکانەوە دەکرێت و، ڕێژەی نواندنیش، لەلایەن ئەنجومەنـەوە یان لەلایەن جێگری ئەنجومەنەوە دیاردەکرێ.

٣-هەیئەی گشتی ئەم ئیشانە دەکات:

أ-تەسدیقکردنی بوجەو حساب و حسابکاریی کۆتایی.

ب-ئیقرارکردنـی پێـڕۆی نـاوخۆو هـەموارکردنی و، سـەیرکردنی ئـەو پێـشنیازانەش کـە بـۆ هەموارکردنی یاسای سەندیکاکە پێشکەش دەکرێن.

ئـــەرشیـفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی دوازدە:**

پێویــستە ئەنجومــەنی ســەندیكا، لــەماوەی مــانگی كــانونی دووەمــی هــەموو ســاڵێكدا، كۆبوونەوەیەكی ساڵانە، بە ئامـادەبوونی نـەقیب و ئەنـدامانی ئەنجومـەن و سـەرۆكانی لقـەكانی پارێزگاكان، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە سازبدات:

أ–ئیقرارکردنی بوجەی ساڵانەو حساب وحسابکاریی کۆتایی.

ب–وتووێژ لەسەر راپۆرتی ساڵانەو كاروباری سەندیكاو ئیقرارکردنیان.

ج–سەیركردنی پێشنیازەكان كە لەبارەی هەموارکردنی یاساو پێـڕۆی نـاوخۆی سـەندیكاوە، دێن بۆ ئەنجومەن.

**ماددەی سیازدە:**

١–دەشــێ لەیــەك، لــەم دوو دۆخــەی خــوارەوەدا، هەیئــەی گــشتی بانگهێــشت بكــرێ بــۆ كۆبوونەوەی نائاسایی:

أ–بە بڕیارێكی هۆدار لەلایەن زۆرینەی ئەنجومەنەوە.

ب–بە داوایەكی نووسراوی هۆدار، سێیەكی ئەندامانی هەیئەی گشتی بیدەن بە ئەنجومـەن و، ئەنجومەنیش پێویستە، لەماوەی(١٥)پازدە رۆژدا–كە لە رۆژی گەیـشتنی داواكـەوە دەسـت پـێ دەكا–بانگهێشت بكاو، وادەی كۆبوونەوەكەی تێدا دیاربكا.

٢–لە كۆبوونەوەی نائاسایی هەیئەی گشتیدا، ناشێ، لەو مەسەلانە زیـاتر، كـە لـە بەرنامـەی كاردا تۆماركراون و، كۆبوونەوەكەیان بۆ سازدراوە، هیچی دیكە یەكلا بكرێتەوە.

**ماددەی چواردە:**

١–هەر ئەندامێ، بە بڕیـاری زەپـتی پیـشەكەی لێ قەدەغـەكرابێ، ناشـێ لـە كۆبوونـەوەكانی هەیئەی گشتیدا بەشدار بێت.

٢–لە كۆبوونەوەكانی هەیئەی گشتیدا، بڕیارەكـان بـە زۆرینـەی دەنـگ دەردەچـن و، ئەگـەر دوولای دەنگ یەكسان بوون، ئەوە، لەو بارەدا، دەنگی نەقیب بۆ كام لایان بێ، هی ئەو لایەیە.

**ماددەی پازدە:**

ئیدارەی كاروباری سەندیكا، ئەنجومەنێ دەیگرێتە ئەستۆ، لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

یەكەم: نەقیب، كە مەرجە بۆ ماوەیەك پیشەكەی بەسەر بردبێ لە (١٠)دە ساڵ كەمتر نەبێ.

دووەم: (٦)شەش ئەندامی ئەسڵی و دوانی یەدەگ، بە مەرجێ(٧)لەوانە ماوەیەك پیشەكەیان بەسەر بردبێ لە (٥)پێنج ساڵ كەمتر نەبێ. هەرچی هەشتەمیانە، ئەمەیان، دەشێ خزمەتەكـەی لە (٥)ساڵ كەمتر بێت.

**ماددەی شازدە:**

**یەكەم:** ئەنجومەن بە دەنگدانی نهێنی، نوێنەرێ (جێگرێ)بۆ نەقیب لەناو ئەندامەكانی خۆیـدا هەڵدەبژێرێ.

**دووەم:** ئەنجومـەن، هـەر هـیچ نـەبێ مـانگی جارێـك كۆبوونەوەیـەكی ئاسـایی سـازدەدات و، دەشـێتیش لەسـەر داوای نـەقیب، یـان داوای سێیەكی ئەندامـەكانی، كۆبوونەوەگـەلی ناوەخـت (استپنائی)سازبدات.

ئــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەڤدە:**

**یەکـــەم**: (نـصاب)لـە ئەنجومەنـدا، بـە ئامـادەبوونی زۆرینـەی ئەندامـەکانی دێتـەجێ. بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچن و، ئەگەر دەنگەکانیش یەکسان بـوون، ئەوە، لەو بارەدا، دەنگی نەقیب بۆ کام لایان بێ، بۆ ئەوە.

**دووەم**: بە هەر هۆیەك دەبێ، ببێ، جێگای نەقیب چۆل بوو، نوێنەرەکەی جێگای دەگرێتەوە.

**سێیەم**: بە هەر هۆیەك دەبێ، ببێ، مەرکەزێ لە ئەنجومەندا چۆل بوو، ئەوە لـەو بـارەدا کـام ئەندامی یەدەگ، دەنگی لە دەنگی یەدەگەکانی تر زۆرتر بوو، ئەوەیان جێگای دەگرێتەوە.

**چوارەم**: ئەگەر زۆرینەی مەرکـەزەکانی ئەنـدامانی ئەنجومـەن چـۆڵ بـوو، ئـەوە، لـەو بـارەدا پێویستە لەسەر ئەنجومەن، لەماوەی دوو مانگدا بانگهێشتی هەیئەی گشتی بکات بۆ کۆبوونـەوە تا بەهـەمان شـێوازێ کـە لـەم یاسـایەدا نیـشان دراوە، بـە هەڵبـژاردنی کەسـانێ، بـۆ باقیمـەنی ماوەکەی، جێگایان پڕبکاتەوە.

**ماددەی هەژدە:**

ئەنـدامی ئەنجومـەن یـان ئەنـدامی لیژنـەیێ لـە لیژنـەکانی، بـەبێ پاسـاوی بـەجێ لـە سـێ کۆبوونەوەی بانەوبان یـەکی مـاوەی سـاڵێکدا یـان لـە پێـنج کۆبوونـەوەی ناوەنـاوەی سـاڵێکدا، ئامادەنەبێ، ئەوە بە دەستلەکار هەلگرتو لە قەڵەم دەدرێ.

**ماددەی نۆزدە:**

ئەنجومەنی سەندیکا، ئەم ئیشە تایبەتانە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم**:

١–کۆشش بۆ وەدی هانینی ئامانجەکانی سەندیکا.

٢–وەرگرتنی ئەندامان و، قەدەغەکردنیشیان لە پیشەکە.

٣–بەڕیوەبّردنی کاروباری سەندیکاو، بەرکارخستنی پلانگەل و بەرنامەکان.

٤–بانگهێشتی هەیئەی گشتی بۆ کۆبوونەوەو، بەرکارخستنی بڕیارەکانی.

٥–سەرپەرشتی ئیش وکاری لقەکان و، دەسەبەرکردنی هاودەنگی لە چالاکییەکانیاندا.

٦–ئامـادەکردنی بوجـەی سـاڵانەو حـساب وحـسابکاریی کۆتـایی و بـەڕێوەبردنی دارایـی سەندیکا.

٧–سەرپەرشتی ڕێکخستنی پیشەگوزاری(ممارسە المهنە)لە عیادە تایبەتەکاندا.

٨–پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ هەموارکردنی یاسای سەندیکا.

٩–ئەگەر نەقیب نوێنەرایەتیی سەندیکای لە لیژنەگەلی رەسمی و شتی دیکەدا نەکرد، ئـەوە، لەو بارەدا، کەسێکی دیکەی بۆ دادەنێ.

١٠–هەر دەعواو شکاتێکی بۆ بێت، هەواڵەی لیژنە تایبەتکارەکانی دەکات.

١١–لـە پێـشکەش کردنـی پێـشنیازگەل، دەربـارەی پرۆژەگـەل و پلانگـەل و بەرنامەگـەلی تەندروستیی هەرێمدا بەشداری دەکات.

١٢–پێکهێنانی لیژنەگەلی فەرعی، بۆ وەدیهانینی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١٣- ئیقـرار کردنـی موڵکـدارێتیی مـاڵ وموڵـك وعیقـاروقبوڵکردنی بەخـشش وشەرتوشـروتی قەرزدان وپێشکەشکردنی کۆمەکی دارایی، لە چوارچێوەی مەبەست وئامانجی سەندیکادا.

١٤- ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان.

١٥- ئیجازەپێدانی پیشەگوزاری.

١٦- سـەیرکردن و یەکلاکردنـەوەی دەسـتلەکارهەڵگرتنی نـەقیب، یـان هـەر ئەنـدامێکی ئەنجومەن یـان هـی لقـەکانی سـەندیکا، بـە مـەرجێ، لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی هەیئـەی گشتیدا بخرێتەبەردەمی.

١٧- دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەگەلی سەندیکا بەپێی یاسای کۆمەڵەکان.

١٨-قبوڵکردنی دیاری بە رەزامەندی لایەنە فەرمیەکان.

**دووەم**: سپاردنی هەندێ لە سەڵاحییاتی خۆی بە نەقیب یان بەسەرۆکانی لقەکان.

**ماددەی بیست:**

نەقیب، سەرەڕای ئەو ئەرکوفرمانە تایبەتـەی، ئەنجومـەن پێـی دەبەخـشێ، ئـەم ئەرکانـەش دەگرێتەئەستۆ:

**یەکەم:**

١-لە بەردەمی هەموو لایەنەکاندا نوێنەری سەندیکایە.

٢- بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەندیکا دەخاتەبەرکار.

٣-لە سەر بڕیاری ئەنجومەنی سەندیکا،بانگهێشتی هەیئەی گشتی دەکا بۆ کۆبوونەوە.

٤-سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی هەیئەی گشتی وئەنجومەنی سەندیکا دەکات.

٥- ئیمزاکردنی سەنەدگەلی سپاردن و سەرفکردنی ئەموالی سەندیکا.

٦- ئامـادەکردنی بوجـەی سـاڵانەو، راپـۆرتی کۆتـایی بـۆ حـساب وحـسابکاریی کۆتـایی و، راپۆرتی ساڵانەی بزاڤ وچالاکیی سەندیکاو، پێشکەشکردنیان بە ئەنجومەنی سەندیکا، لـە وادەی دیارکراوی خۆیاندا.

٧- بەپێی میلاك، کە ئەنجومەن تەسدیقی کردووە، کارمەندان بـۆ سـەندیکا دادەمـەزرێنی و، کاروباری خزمەت و زەپتیشیان بەجێ دەگەیێنێ.

**دووەم:**

نەقیب بۆی هەیە، هەنـدێ لـە فرمانەتایبەتـەکانی خـۆی، بـە نوێنەرەکـەی یـان بـە یـەکێ لـە ئەندامانی ئەنجومەن بسپێرێ.

**ماددەی بیست ویەك:**

١- بەپێی پێڕۆی ناوخۆ، لقێ بۆ سەندیکا، لە هەر پارێزگایێ دەکرێتەوە.

٢- سەرۆکی لیژنەی لق، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی لیژنەکە دەکا، یان کەسێ دەیکا سەرۆك ئەو ئەرکەی پێ سپاردبێ.

٣- ماوەی خولی لق سێ ساڵە، لە رۆژی هەڵبژاردنەکانەوە دەست پێ دەکات.

ماددەی بیست ودوو:

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**یەکەم:**

١- ئەنجومـەنی لـق لـە پێـنج ئەنـدام ودوو ئەنـدامی یـەدەگ پێـك دێـت، شەشـیان ماوەیـەك پیشەگوزارییان کردبێ لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ. هەرچی حەوتەمیانە، ئـەوە، دەشـێ خزمـەتی لە پێنج ساڵ کەمتربێ.

٢- ئەندامی لق، مەرجە خەڵکی هەرێم بێ و، لە هەرێمیش دانیشتبێ.

٣-سەرۆکی لق و نوێنەرەکەشی، لە ئەندامانی لقەکە هەڵدەبژێردرێن.

**دووەم:**

لق ئەم ئەرکە تایبەتانە دەگرێتە ئەستۆ:

١- بەرکارخستنی پلانی کار، کە لـە کۆبوونـەوەی هەیئـەی گـشتیدا بڕیـاری لـە سـەر دراوە، هەروەها بەرکارخستنی رێنماییەکانی ئەنجومەنی سەندیکا.

٢- کۆشش بۆ بەرزکردنەوەی سەویەو ئاقاری پیشەکە.

٣- بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی.

٤-ئەو فرمانە تایبەتانەی کە نەقیب یان ئەنجومەنی سەندیکا پێی دەسپێرێ.

٥- دامەزراندنی بەردەستانی لق و دیاریکردنی کرێیەکانیان، پـاش تەسـدیقکردنی لـە لایـەن سەندیکاوە.

٦ -بـە رەزامەنـدیی ئەنجومـەنی سـەندیکا، کەسـێ دادەنـێ نوێنەرایـەتیی لـق لـە دایـەرە فەرمیەکاندا بکات.

ماددەی بیست وسێ:

سەندیکا بۆی هەیە مەڵبەندی رۆشنبیری وکۆمەڵایەتی دابمەزرێنێ.

## دارایی سەندیکا

**ماددەی بیست وچوار:**

١-دارایی سەندیکا لە مانە پێك دێت:

ا- ئابوونەی ئینتیماو بەشداربوونی ساڵانە.

ب- مزی ناوی خۆنوسین.

ج- مزی نووسینی نازناوی پسپۆڕی.

د- مزی ئیجازەپێدان و تازەکردنەوەی پیشەگوزاریی تایبەت بۆ دام ودەزگا تەندروستیەکان.

هـ- مزی تەسدیقکردنی راپۆرتگەلی پزیشکی.

و- سوودی چاپەمەنیەکانی سەندیکا.

ز- غەرامەی ئەو حوکمانەی کە لیژنەی زەپتی پارێزگا بەسەر ئەندامەکانیدا دەدات.

ح- دیاری و بەخشش و هەر دەستهاتێکی دی.

گ- داهاتی یانەگەل ومەڵبەندەکانی رۆشنبیری وکۆمەڵایەتی بۆ سەندیکا.

٢- ئەگەر لە بەر بارودۆخێکی نا ئاسایی، تەسدیقکردنی بوجە لە وادەی دیـارکراوی خۆیـدا، نەکرا، ئەوە، لەو بارەدا، کار بەپێی دەروازەو بەشەکانی بوجەی پێشتردەکرێ تا بوجـە تازەکـە تەسدیق دەکرێ.

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی بیست و پێنج:**

**یەکەم:**

ئابوونەو مزیٚ کە سەندیکا وەریاندەگریٚ بەم شێوەیەن:

١- (١٥٠٠٠) پـازدە هــەزار دینـار، ئـەوە مـزی ئینتیمـای پزیـشکانی ددانـی هەرێمـە، بــۆ غەیرەعیراقیش (٧٥٠٠٠) حەفتا وپێنج هەزار دینارە.

٢- (٧٥٠٠) حــەوت هــەزارو پێـنج سـەد دینـار، ئـەوە ئابوونـەی ئیجـازەی سـاڵانەیە یـان تازەکردنەوەکەیەتی بۆ پزیشکانی ددانی هەرێم و(٢٧٠٠٠) بیست وحەوت هەزار دینارە بۆ غەیری عیراقی .

٣- (٤٥٠٠٠) چـل وپێــنج هـــەزار دینــار، ئــەوە مــزی ئیجــازەی کردنــەوەی تاقیگــەی ددانسازییەو،(٢٢٥٠٠) بیست ودوو هەزار وپێنج سەد دیناریش مزی تازەکردنەوەی ساڵانەیەتی.

٤- (٢٢٥٠٠٠) دووسـەدو بیـست وپێـنج هـەزار دینـار، ئـەوە مـزی ئیجـازەی کردنــەوەی نەخۆشخانەیەکی تایبـەتی ددانـەو، (٧٥٠٠٠) حـەفتا وپێنج هـەزار دینـاریش بـۆ تازەکردنـەوەی ساڵانەیەتی.

٥- (١٥٠٠٠) پازدە هەزار دینار، مزی ئیجازەی کردنـەوەی عیادەیـەکی پـسپۆڕەو، (١٥٠٠٠) پازدە هەزار دیناریش مزی تازەکردنەوەی ساڵانەیەتی.

٦- (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار، ئەوە مزی ئیجازەی کردنەوەی نووسینگەیەکی فرۆشتنی ئامێرو ئامرازی ددانەو، (٣٠٠٠٠) سی هەزار دیناریش بۆ تازەکردنەوەی ساڵانەیەتی.

٧- (١٥٠٠٠) پازدە هەزار دینار، ئەوە مـزی ئیجـازەی کردنـەوەی عیادەیـەکی پیـشەگوزاری گشتییەو، (٧٥٠٠) حەوت هەزارو پێنج سەد دیناریش مزی تازەکردنەوەی ساڵانەیەتی.

٨- (١٥٠٠٠) پازدە هەزار دینار، ئەوە مزی ئیجازەی پیشەگوزارییە لە عیادە میللیەکاندا.

٩- (٢٢٥٠٠) بیست ودووهەزار وپێنج سەد دینار، ئەوە مزی تۆمارکردنی نازناوی پسپۆرییە.

١٠-(١٥٠٠)هەزارو پێنج سەد دینار، ئەوە مزی تەسدیقکردنی راپۆرتی پزشیکییە ئەوانـەی لـە عیادە تایبەتەکان و نەخۆشخانە ئەهلییەکانەوە دەردەچن.

١١-(٦٠٠٠٠٠)شـەش سـەد هــەزار دینــار، ئــەوە مــزی ئیجــازەی کردنــەوەی کارگەیــەکی دروستکردنی ماددەگەلی ددانەو(٣٠٠٠٠٠)سێ سەد هەزار دیناریش بۆ تازەکردنەوەی ساڵانەیەتی.

## بەشی چوارەم

## سزاگەل و حوکمە زەپتییەکان

**ماددەی بیست وشەش:**

ئەم ئیشانەی خوارەوە، قەدەغەن:

١-راکێشانی نەخۆش بە فریودان و لە رێگای واسیتەوە.

٢-ناوبانگ زڕاندنی پیشەو خاوەن پیشەکەو، بێ نرخ کردنی پێگەی زانستی و ئەدەبییان.

٣-ئیش پێ کردنی خاوەن پیشە تەندروستییە بێ ئیجازەکان.

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان

ماددەی بیست وحەوت:

www.mojkurdistan.com

لیژنەی زەپتی لە مەركەزی سەندیكادا، لە سێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێك دەهێنرێ و ئەندامێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكایش، بە بڕیاری ئەنجومەن، سەرۆكایەتیی دەكا.

**ماددەی بیست وهەشت:**

لیژنەی زەپتی دوای وەئاگاهێنانـەوەی ئەنـدامی سەرپێـچكار، بۆیـشی هەیـە، ئـەم سـزایانەی خوارەوەش بسەپێنێ:

١–ئینزار: ئەوەیە، كە نووسراوێ ئاراستەی سەرپێچكار دەكا، بێزاریی خۆی تێدا لە رەفتاری نیشان دەداو، داواشی لێ دەكا ئەو كارە دووبارە نەكاتەوە، دەنـا، سـزایەكی تونـدتری بەسـەردا دەدرێ.

٢–غەرامەیەك لە(١٥٠٠٠٠)سەدو پەنچا هەزار دینار كـەمتر نـەبێ و، لـە(٧٥٠٠٠٠)حـەوت سـەدو پەنجا هەزاردیناریش نەترازێ. ئەگەر نەیشی دا، ئەوە، لەو بارەدا، لە پیشەگوزارییە تایبەتەكەی خۆی بۆ ماوەیەك قەدەغەدەكرێ لـە شـەش مـانگ زیـاتر نـەبێ، خـۆ، ئەگـەر هـات و لـە مـاوەی سـاڵێكی پـاش بـرواری سەرپێـچییەكەیدا، گەڕایەوەسـەری، جـا، ئـەوجا غەرامەكـەی لـــە (٥٠٠٠٠٠)پێنج سەد هـەزار دینـار كـەمتر نابـێ ولـە (١٥٠٠٠٠٠)ملیۆنێـك وپێـنج سـەد هـەزار دینـار نەترازێ، خۆ ئەگەر ئەم جارەش نەیدا، ئەوە، لەو بارەدا پیشەتایبەتەكەی خۆی بۆ ماوەیـەك لێ قەدەغەدەكرێ لە یەك ساڵ زیاتر نەبێ.

٣–قەدەغەكردنی پیشەگوزارییە تایبەتەكەی خۆی بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ نەترازێ.

٤–هەردوو سزای، غەرامەو قەدەغەی پیشەگوزاری، كە لە بڕگەی (٢، ٣)دا هاتوون.

**ماددەی بیست ونۆ:**

ئەگەر، بۆ لیژنەی زەپتی دەركەوت، ئەو رەفتارەی دراوەتەپاڵ دكتۆرەكـە، خـۆی لـە خۆیـدا جەریمەیە، ئەوە، لەو بارەدا پێویستە لەسەری، دەعواكەی بە هـەموو ئەوراقەكانیـەوە هەواڵـەی دادگای پێوەندیدار بكات، ئەگەر حوكمی بێتاوانیشی بۆ دەرچوو، ئەوە، بەپێی حوكمەكانی ئـەم یاسایە رێ لە ئیجرائاتی زەپتیی دیكە ناگرێ.

**ماددەی سی:**

١–پزیـشكی ددان لـەماوەی حـەپس و سـجن و دەستبەسـەربوونیدا، پیـشەكەی لێ قەدەغـە دەكرێ.

٢–پزیشكی ددان، ئەگەر بە جەریمەیەكی ئابڕووبەر، پێوەندیی بە پیشەكەیەوە هـەبێ حـوكم بدرێ، ئەوە، ئیدی پیشەكەی لێ قەدەغەدەكرێ.

٣–ئەگەر هات و پزیشكی ددان، جـارێكی تـریش بـە جەریمـەی پێوەندیـدار بـە پیـشكەیەوە، حوكمی بەسەردا درایەوە، ئـەوە، لـەو بـارەدا ناشـێ نـاوی تۆماربكرێتـەوە، مەگـەر ئەنجومـەنی سەندیكا بەپێی پێڕۆو بەپێی ئەو رێنماییانەش كە لەسەر پێڕۆكە دەرهێنراون، موافەقـەتی نـوێی بداتێ.

**ماددەی سی ویەك:**

١–بڕیاری قەدەغەكردنی پیشەگوزاری، بەو لایەنە پێوەندیدارانەش تەبلیغ دەكرێ كە لیژنەی زەپتی خۆی پێی باش بێ. ئەوە لەهەموو لقەكانی سەندیكاشدا بڵاودەكرێتەوە.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢-پزیشكێ پیشەكەی لێ قەدەغەكرابێ، ناشێ پزیشكێكی دی لە عیادەكەیدا جێگای بگرێتەوە.

٣-بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، ئەو غەرامەیەی بە حوكمی زەپتی وەردەگیرێ، داهاتی سەندیكایە.

**ماددەی سی ودوو:**

١-ئەگەر شكاتێ درا بە ئەنجومەنی سەندیكا، ئەمیش دەینێرێ بۆ لقی پێوەندیدار، تا ئەو لقە ڕاو ڕاسپاردەی خۆی پیشان بدا، جا، ئەوجا، هەواڵەی لیژنەی زەپتی دەكرێ.

٢-سەرۆكی لیژنەكە، بروای دانیشتنەكە دیاردەكاو، پزیشكی ددانەكەشی لێ ئاگادار دەكا.

٣-دانیشتنەكانی لیژنەی زەپتی نهێنییە.

**ماددەی سی وسێ:**

نەقیب ولایەنەكانی دەعواكەش بۆیان هەیە، لەماوەی سی ڕۆژدا-كە لە ڕۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەكا-لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستانی عیراقدا تانە لە بڕیارەكانی لیژنەی زەپتی بگرن، ئیدی بڕیاری ئەم دادگایە كۆتایی و بنبڕە.

**ماددەی سی وچوار:**

هەر سەرپێچییەكی زەپتی، كە لە حوكمەكانی ئەم یاسایەوە پەیدابووە، نەقیب بیكا یان نوێنەرەكەی لەكاتی جێگرتنەوەیدا بكا، ئەوە، ئیجرائاتی یاساییان لەبەردەمی لیژنەی زەپتیدا لەسەر دەكرێ و هەیئەی گشتی هەواڵەی لیژنەی زەپتییان دەكات.

## حوكمە گشتییەكان

**ماددەی سی و پێنج:**

١-بە ئامادەبوونی نەقیب یان جێگری(نوێنەری)نەقیب، یان سەرۆكی لق یان نوێنەری سەرۆكی لق نەبێ، ناشێ بارەگای سەندیكا، یان بارەگای لقەكانی بپشكنرێ.

٢-هەر دەستدرێژییەك، لەكاتی فرماندا یان بەهۆی پیشەكەیەوە، بكرێتە سەر ئەندام، ئەوە، ئەو دەستدرێژكارە، حوكمی ئەو كەسەی بەسەردا دەدرێ كە شەڕی فرۆشتبێ بە فرمانبەر لەكاتی بەرێ خستنی ئەركی خۆیدا.

٣-دەسەڵاتی لێپێچینەوە پێویستە پێش لێپێچینەوە لە جەریمەی بەچاونەدیتراو، درابێتە پاڵ ئەندامێ لە ئەندامان، پێویستە لەسەری سەندیكا یان لقەكانی سەندیكا ئاگاداربكاتەوە، سەندیكاش پێویستە نوێنەرێكی خۆی بنێری لەو لێپێچینەوەیەدا بەشداربێ.

٤-ئەندامی نەخۆش، لە ژوورە بەكرێ گیراوەكانی پلەی یەكەمی دەزگای تەندروستیی حكومی و پەیمانگە هونەرییەكاندا چارەسەری بۆدەكرێ و لە مزوكرێ سەرفرازە. وە لێ كە لە نەخۆشخانە ئەهلیەكاندا بخەوێ یان بۆ عیادە تایبەتەكان بچێ، ئەوە لەو بارەدا، دەستهەقی پزیشك و نەشتەرگەرەكان لە لیستی حساباتی خۆی دادەشكێنرێ.

**ماددەی سی وشەش:**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

هەر كەسێ بەبێ تۆماربوون و بەبێ ئیجازە كە حوكمەكانیان لەم یاسایەدا هاتووە مومارەسەی ئەم پیشەیەبكا، ئەوە، غەرامەیەك دەكرێ لە(٤٥٠٠٠٠)چوارسەدو پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێ و لە(٦٠٠٠٠٠)دیناریش نەترازێ.

**ماددەی سی وحەوت:**

پزیشكی ددان لە ئیجازەدابێ، دەشێ پزیشكێكی دیكەی ددان لە عیادەكەی خۆیدا دابنێ، بەمەرجێ ئەم جێگرە هەمان پلەی زانستی وهەمان پسپۆڕیی هەبێ و، ئیجازەكەش لە سێ مانگ نەترازێ.

**ماددەی سی وهەشت:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایەبێت، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی سی ونۆ:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخاتە بەركار.

**ماددەی چل:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا، دەخرێتە بەركار.

**د.كمال عبدالكریم فؤاد**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمان كوردستانی ـ عێراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٤٦**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/١١/٢٠**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران ولەسەر ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٥٤)ی رۆژی (٢٠٠٤/١١/٢٠)دا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحییەتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٤٦ )ی ساڵی/٢٠٠٤
## یاسای هەیئەی گشتیی ئاسایشی هەریمی کوردستانی-عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشەو رستانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

١—هەرێم:هەرێمی کوردستانی—عیراق.
٢—سەرۆك:سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق.
٣—هەیئە:هەیئەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عیراق.
٤—سەرۆکی هەیئە:سەرۆکی هەیئەی گشتیی هەرێمی کوردستانی عیراق.

**ماددەی دووەم:**

هەیئەتێ بۆ ئاسایشی هەرێم بەناوی (هەیئەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی—عیراق)ـەوە دادەمەزرێ، شەخسییەتی مەعنەوی‌و سەربەخۆیی دارایی‌و ئیداریی خۆی دەبێ.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم هەیئەتە بوجەی تایبەت بەخۆی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

فرمانبەرێ، بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتیی ئەم هەیئەتەدەکا، سەرۆك دایدەمەزرێنێ‌و، یەکسەر پابەندی سەرۆك دەبێ.کاتێکیش دیارنەبێ، یان پلەی وەزیفەکەی چۆڵ بێ، ئەوە، لەوبارەدا سەرەك وەزیرانی هەرێم جێگای دەگرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

سەرۆکی هەیئە نوێنەرێکی هەیە، بە پلەیەکی تایبەت دادەمەزرێ.

**ماددەی شەشەم:**

هەیئەکە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە تێدەکۆشێ:

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١-لەم ڕێگايانەی خوارەوە، ئەوبناغەو بنەمايانە دەپارێزێ كە سيستەمی فيدراڵی ديموكراتیو پەرلەمانیو فرەلايەنيی دەوڵەتی ئيتتيحاديی عيراقی لەسەر بنياددەنرێ:

أ-بۆ پاراستنی ماڵ و گيانی هاووڵاتيانی هەرێم خەبات دەكا.

ب-هەوڵ دەدا ئاسايش و سەقامگيری لە هەرێمدا دەسەبەربكاو، موڵك وماڵی گشتی بپارێزێ.

ج-ئازاديی گشتیو ئازاديی تايبەت دەپارێزێو، هەلومەرجێكی لەبارو زەرووری ئەوتۆش دەڕەخسێنی كە هاووڵاتيان بتوانن، بەپێی ئيعلان و پەيمان و بەڵگەنامەگەلی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی مافەكانی خۆيان مومارەسە بكەن.

د-پاراستنی پێڕۆو دابودەستووری گشتیو ئەخلاق.

٢-لەناوبردنی بێهۆشكەرەكان.

٣-لەناوبردنی تيرۆرو تۆقاندن.

٤-لەناوبردنی سيخوڕی.

٥-أ-زانياريەكان كۆدەكاتەوەو، ئەوهەڕەشانەش كە ئاڕاستەی ئاسايشی نيشتمانيی كۆماری ئيتتيحاديی عيراق دەكرێن هەڵياندە سەنگێنیو، لە ڕێگای سەرۆكايەتی هەرێمەوە دەيانگەيەنێتە دەزگاگەلی تايبەت بە ئاسايشی نيشتمانيی فيدراڵی.

ب-بەپێی ميكانيزمێ كە ياساكان دياريان دەكەن، تۆمەتباران و تاوانكاران و دەعواكانيان لە نێوان دەزگاكانی ئاسايشی فيدراڵیو ئاسايشی هەرێمدا ئاڵوگۆڕدەكات.

**ماددەی حەوتەم:**

سەرۆكی هەيئە بۆی هەيە، كادێرگەلی وەزيفیو كارمەندان بۆ هەيئەكە دابمەزرێنی، تەنها نوێنەری سەرۆكی هەيئەو بەڕێوەبەرە گشتييەكان و ڕاوێژكارەكان نەبێ،كە ئەمانە لەلايەن سەرۆكی هەرێمەوە يان لەلايەن جێگرەكەيەوە دادەمەزرێن.

**ماددەی هەشتەم:**

سەرۆكی هەيئە بۆی هەيە، لەهەر يەكەيەكی ئيداری يان لەهەر ناوچەيەكی ناو هەرێمدا، زەرووەرەتی كارو ئاسايشی هەرێم پێداويستی پێیهەبێ، بەڕێوەبەرايەتیو نووسينگەی تێدابكاتەوە و، هيچيش لەو ئەركوفرمان و سەلاحيەتانەش كەم نەكاتەوەكە بەپێی ياسا بەركارەكان بە سەرۆكانی يەكە ئيدارييەكان دراون.

**ماددەی نۆيەم:**

سەرۆكی هەيئە، بۆی هەيە پێكهاتەكانی هەيئەكە، بەخۆیو بە بەڕێوەبەريەكان و بەش و هۆبەو نووسينگەكانيشيەوە دابنێو پێكيان بهێنێو، ئەرك و فرمانيشيان لەچوارچێوەی ئەم ياسايەدا دياربكاو سەلاحيياتی بەرپرسەكانی ئيدارەكانيشی دەستنيشان بكاو ميلاكيان بۆ دابنێو، موفرەداتی بوجەكەشی پێشنيازبكاو پێشكەشی سەرۆكی هەرێمی بكا بۆ تەسديقكردن ، بۆيشی هەيە خولی فێربوون و قاڵبوونيش بۆ كارمەندەكانی بكاتەوە.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی دەیەم:**

یەكەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاسایش بە هەموو پێكهاتەكانییەوە، لە وەزارەتی ناوخۆ دادەبڕدرێت و بەم هەیئەیەوە دەبەسترێو، بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دووبارە رێكدەخرێتەوە.

دووەم:هەموو موڵك وماڵێكی گواستەنیو ناگواستەنی و تۆمارو فایل و دەعواگەلێكی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە دەگوازرێنەوە بۆ ئەم هەیئەتە.

**ماددەی یازدە:**

سەرۆكیهەیئە بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ بەركارخستنی حوكمەكانی ئەم یاسایەو وەدیهانینی ئامانجەكانی دەربهێنێ.

**ماددەی دوازدە:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنەبەركار.

**ماددەی سیازدە:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرهێنانییەوە دەخرێتەبەركارو، لە(وەقايعی كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عیراق**

## هۆكارە زەروورەكان

لەبەرئەو بەرەوچاكترچوونە دیموكراتییەی لە سیستەی حوكمی عیراقدا هاتووەتە ئاراوەو، لە دەوڵەتێكی مەركەزییەوە بووە بە دەوڵەتێكی ئیتتیحادیو، هەرێمی كوردستانی عیراقیش بەپێی بنەماكانی سیستەمی فیدراڵی كەلە یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی عیراقدا جاڕدراوە، دووبارە بەحكومەتی ئیتتیحادیی عیراقەوە بەسترایەوەو، بۆ یەكخستنی هەموو دەزگاكانی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عیراق بەجۆرێ كە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەكانی ئەم قۆناغە بە دەنگەوە بچێو ببێتە مایەی رەگ داكوتانی سیستەمی حوكمی فیدراڵیو، لە پێناوی ئەوەشداكە دەزگاكانی ئاسایش لە فرمانگوزاریو دەسەبەركردنی ئامانجەكانیدا، پترلەگەل بەڵێن و بەڵگەنامەگەلی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤدا بگونجێن و، بەپێی شێوازی كارو بەندو بەست (چوابگ)و بنەما تایبەتەكانیان رەفتاربكاو، هەمووشیان لە چوارچێوەی سیستەمێكی یەكگرتوودا یەكبخرێن و، كۆتایی بە قۆناغی رێكخراوەگەلی ئاسایشی تایبەت بهێنرێو، سنوور بۆ ئەركوفرمانی ئەو لایەنە غەیرەحكومییانە دابنرێ كە بارودۆخی نالەباری قۆناغەكانی رابردوو سەپاندبوونیان، بۆ ئەوەش كە میكانیزمێك بۆ هاودەنگی و ئالۆگۆڕی زانیاری و، یەكخستنی كۆششگەلی ئاسایشی و وەدیهێنانی ئامانجگەلی هاوبەش لەنێوان دەزگاكانی ئاسایشی فیدراڵی وهی هەرێمدا، دابنرێ، لەبەر ئەوانە، هەمووی، ئەم یاسایە، تەشریع كرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٤٧**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/١١/٢١**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ولەسەر ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە(٥٤)ی رۆژی (٢٠٠٤/١١/٢٠) دا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٤٧ )ی ساڵی/٢٠٠٤
## یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ١ )ی هەموارکراوی ساڵی ( ١٩٩٢ )ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی یەکەم هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی یەکەم: ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە سەدو یازدە ئەندام پێك دێت).

**ماددەی دووەم:**

ماددەی شەشەم هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی شەشەم: بەپێی یاسایێ، هەیئەتێکی باڵای سەربەخۆ، بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان و هەڵسووڕاندنی چالاکییەکانی هەڵبژاردن، لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، پێك دهێنرێ. ئەم هەیئەتە لیستەکانی هەڵبژێرەران ئامادە دەکاو، مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا دیاردەکاو، رێنمایی پێویستیش بۆ ساناکردنی رەوشی هەڵبژاردنەکان و ناوزەدکردنی سەرۆکان و ئەندامانی لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، دەردەهێنێ).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی حەوتەم هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەیئەی باڵای سەربەخۆ کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق دەکا، بۆی هەیە، شێوەو شێوازی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان لە چوارچێوەی یەکە ئیدارییەکاندا دیاربکاو، لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردنیش پێك بهێنێ).

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی نۆیەم ئیلغادەکرێ و، ئەمەی خوارەوە دێتەجێی:

(هەرێمی کوردستانی عیراق بە یەك ناوچەی هەڵبژاردن لە قەڵەم دەدرێ و، دابەش دەکرێ بەسەر مەرکەزگەلی هەڵبژاردندا).

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم:**

(ماددەی دەیەم لە یاساکە ئیلغادەکرێ).

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی دوازدە لە یاساکە هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(لە پازدە رۆژەی پاش تەواوبوونی ماوەی ئەنجومەن، یان کاتێ خۆی بە برِیارێ، خۆی هەڵوەشێنێتەوە، وادەی هەڵبژاردن بە برِیاری سەرۆکی هەرێم دیاردەکرێ و لە رێگاکانی راگەیاندنەوە، بەسەر هاووڵاتیاندا، بەر لەو وادە دیارکراوە، بە ماوەیەك بڵاودەکرێتەوە لە مانگێ کەمتر نەبێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ماددەی پازدە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(لیستەکانی ناوی دەنگدەران، بۆ هەرێمی کوردستان، بەپێی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، ئامادە دەکرێن و بەپێی پیتی ئەبجەدی ریزدەکرێ و پیشەو عینوان و بروارو شوێنی لە دایکبوونیانی تێدا دەنووسرێ، ئەگەر ئەوەش نەلوا، ئەوە، لەو بارەدا هەیئەی باڵا بۆی هەیە، رێگایەکی دیکەی لە بار، بۆ وەدەست هێنانی ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە).

**ماددەی هەشتەم:**

ماددەی شازدە هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەیئەی باڵا، دابەشکردنی لیستەکان بەسەر مەرکەزەکانی هەڵبژاردندا، لە هەرێمدا، دەگرێتە ئەستۆی خۆی و، بە لەوحەگەلێکدا، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەدەکرێن چەسپ دەکرێن، تا هاووڵاتیان بتوانن هەر هیچ نەبێ، پێش پازدە رۆژ لەوادەی دەنگدان، لیستەکان ببینن، بە مەرجێکیش مۆری هەیئەی باڵایان لێ درابێ و برواری ئیعلانکردنەکەی پێوە دیاربێ، لەگەڵ رەچاوکردنی دەقی ماددەی پازدە).

**ماددەی نۆیەم:**

برِگەی (٢)لە ماددەی هەژدە هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢-داواکە، لەگەڵ رای لیژنەی مەرکەزی پێوەندیداری هەڵبژاردن، پێشکەش بە هەیئەی باڵادەکرێ و، هەیئەی باڵاش، لە ماوەیەکدا، لە سێ رۆژ نەترازێ-کە لە رۆژی پێشکەش کردنی داواکەوە دەست پێ دەکا-سەیری دەکاو یەکلای دەکاتەوە).

**ماددەی دەیەم:**

برِگەی(١)لە ماددەی بیست و دووی یاساکە هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەر حیزبێ، یان هەر گروپێ لەکوردستاندا، بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات، ناوی پاڵێوراوەکانی خۆی، لە چوارچێوەی کوردستانی عیراقدا، تێدا بێت، بە مەرجێ رێژەیەك ئافرەتیان تێدابێ، لە (٢٥٪)کەمتر نەبێ و، ناوی پاڵێوراوەکانیش بە جۆرێ ریزکرابێ کە، لە کەمیی، ناوی یەك پاڵێوراوی ئافرەت لەناو چوار ناواندا هەبێ ولەناو چوارناوەکەی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

پێشەوەی لیستەکەشدا، ناوەکان، هەر بەو شێوەیە ریزدەکرێن تا کۆتایی لیستەکە، بە مەرجێکیش، هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە چوار پاڵێوراو کەمتر نەبێ.

**ماددەی یازدە:**

هەردوو برگە(٢، ٣) لە ماددەی بیست وسێ هەمواردەکرێن و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

(٢–خۆپاڵێو، بۆی هەیە، لە دادگای پێداچوونەوە(التمییز)ی هەرێمی کوردستان، تانە لە بڕیاری هەیئەی باڵا بدات، لە ماوەی دوو رۆژدا–کە لە رۆژی تەبلیغی بڕیارەکەوە دەست پێ دەکات–

٣–دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی بنبڕ، دەربارەی ئەو تانەیە لە ماوەی دوو رۆژدا دەردەهێنێ).

**ماددەی دوازدە:**

ماددەی بیست وچوار هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، لە سنووری یاساو پێڕۆی گشتی و ئادابدا، سەربەستە، بە مەرجێ هەیئەی باڵای هەڵبژاردن، هەلی چونیەك بۆ هەموو لیستە رکابەرەکان دەستەبەربکا.

**ماددەی سیازدە:**

ماددەی بیست وهەشت هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی بیست وهەشت: هەیئەی باڵا کارتەکانی هەڵبژاردن لە چاپ دەداو، سندوقەکانی دەنگدان ئامادەدەکا).

**ماددەی چواردە:**

ماددەی سی وپێنج هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی سی وپێنج: لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، ئەنجامەکانی دەنگدان لە رەشنووسگەلێکدا بە ئیمزای خۆی، رێك دەخات و، هاوپێچ گشت بەڵگەنامەکانی تایبەت بە بزاڤی هەڵبژاردنیان لەگەڵدا دادەنێ و، لەناو زەرفێکی داخراوی مۆرکراو بە مۆری خۆی، بە هەیئەی باڵای دەسپێرێ).

**ماددەی پازدە:**

برگە(٣)لە ماددەی سی وشەش هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٣–ئەگەر، حزبێ، لەناو کۆمەڵە حزبێکدا، کە هەموویان بەناوی یەك نەتەوەوە رکابەری دەکەن (تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عارەب)مام ناوەندیی(معدل)هەڵبژاردنی بەدەست نەهێنا، ئەوە، لەو بارەدا، کام حزب لە حزبەکانی ئەو نەتەوەیە زۆرترین دەنگی هێنابێ، کورسییەکی دەدرێتێ).

**ماددەی شازدە:**

برگەی(٢) لەماددەی سی وحەوت هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢–هەیئەی باڵا، پاش دابەشکردنی کورسییە براوەکانی هەر لیستێ، بەسەر پاڵێوراوەکانی ئەو لیستەدا، بەپێی ئەولەویەتی زنجیرەی ناوەکانی پاڵێوراوانی لیستەکە، ئەوجا ناوی ئەوانە

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

رادەگـەیێنێ كـە ئەنـدامێتیی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی كوردسـتانی عیراقیـان بەدەسـت هێنـاوە، هەروەها، دوای ئەوەش، پڕكردنەوەی كورسییە چۆڵەكانی لیستی هەڵبـژاردن، بـەپێی زنجـیرەی ناوەكانی لیستەكە دەبێ و، ناشێ لایەنی خاوەن لیستەكەش كورسی لە هیچ پـاڵێوراوێكی خـۆی بكێشێتەوە، بەهەر هۆیەك، دەبێ، ببێ).

**ماددەی حەڤدە:**

ماددەی چل وچوار ئیلغادەكرێ.

**ماددەی هەژدە:**

ئـــەم ماددەیـــەی خـــوارەوە، دەخرێتـــە ســـەر دەروازەی حەوتـــەمی حوكمـــە تـــاك و تەراكان(المتفرقە):

